هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان
# 85

سالی/ 2012 – بەرگی هەشتاو پێنج

---

چاپی یەکەم/ سالی 2013

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/13 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2012/11/19 ل 43

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/20 ل 105

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/11/21 ل 133

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی سێیەمی هەڵبژاردن –دوو شەممە 2012/11/26 ل 167

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/11/27 ل 209

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/12/3 ل 213

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/12/4 ل 271

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/12/10 ل 287

خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای جێ بەجێ كردنی یاسای خزمەتی زانكۆیی ژمارە 23 ی ساڵی 2008 ی عێراقی فیدراڵ و هەموارەكانی لە هەرێمی كوردستان (قانون انقاذ قانون الخدمە الجامعیە رقم 23 لسنە 2008 وتعدیلاتە فی اقلیم كوردستان- العراق)، ئەم پرۆژەیە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە، ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی كە واژوویان لەسەر كردووە (دانا سعید صوفی، عمر نورەدینی، سەروەر عبدالرحمن، شلێر محی الدین، ڕۆژان دزەیی، عونی بەزاز، عبداللە حاجی محمود، ئاسۆ كریم، اسماعیل محمود، شڤان احمد، كاردۆ محمد پیرداود، پەیمان عبدالكریم، دكتۆر بەشیر، سالم تۆما، ئارام شاهین، ئارام قادر) ئەم پرۆژەیە لە 5 مادده پێكهاتووە، لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوواندنی، و یاسا ئەصلیەكە كە ژمارە 23 ی ساڵی 2008 ە كە پێشنیار كراوە جێ بەجێ بكرێ لە هەرێمی كوردستان، پێكهاتووە لە 21 مادده، و دووجار هەموار كراوە، هەمواری یەكەم بە یاسای ژمارە 32 ی ساڵی 2010، و هەمواری دووەم بە یاسای ساڵی 2010 لە مانگی 4 كراوە، داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەكەم ئاراستەی لیژنەكانی پەرلەمان و ئەندامان و حكومەت بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایی ئاراستەی لیژنەكانی (یاسایی، خوێندنی باڵا، دارایی) و ئەندامانی بەڕێزی ئەكەین، هەروەها وێنەیەكیش بۆ حكومەت دەنێردرێ، فەرموو بۆ بڕگەیەكی تر

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی هەشتەم

خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەموار كردنی نۆیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە 3ی ساڵی 1992 هەموار كراو، بەڕێز جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە ڕاپۆرتمان ئامادەیە لەسەر گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پێشكەشی ئەندامانی بەڕێزی ئەكەین.

**بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی عێراق**

**بابەت/ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری یاسایی**

لە بەرواری 24ی ڕێزبەر 2712 ی كوردی ڕێكەوتی 2012/10/14 زاینی لیژنەكەمان كۆ بۆوە بۆ تاوتێكردنی پرۆژەی هەموار كردنی نۆیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە 3 ی ساڵی 1992 ی دەركراو كە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمەوە پێشكەش كراوە، دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 10 ی پرۆژی 2012/10/8 ڕاوانەی لیژنەكەمان و لیژنە پەیوەندیدارەكان كراوە، دوای گفتوگۆ كردن و ڕا گۆڕینەوە لەسەری بۆمان دەركەوت كە حكومەت پێشتریش پرۆژەیەكی لە بارەی هەموار كردنی ئەم یاسایەوە پێشكەش كردووە، ئێمەش بە پێی نووسراوی لیژنەكەمان ژمارە 80 لە 2012/6/7 ڕاپۆرتێكمان لە بارەیەوە پێكەش بە سەرۆكایەتی

**پەرلەمان کردووە، گفتوگۆ کردنی ئەو ڕاپۆرتە لە لایەن پەرلەمانەوە بۆ ماوەیەکی نادیار دوا خرا، جیاوازی نێوان هەردوو پرۆژەکە ئەوەیە پرۆژەی یەکەم پێشنیاری ئەکرد کە ئەنجومەن وەزیرەکانی هەرێمیش لە خۆی بگرێ، بەڵام ئەم پرۆژەیە تازەیە داوا ئەکات کە دوو وەزیری هەرێم لە خۆی بگرێ، جا لەبەر ئەوەی کە هەردوو پرۆژەکە هاوشێوەن، لیژنە پێشنیار ئەکات کە ئەم ڕاپۆرتە بکرێتە بنچینە و بنەمای گفتوگۆ و دەنگدان، هەروەها لیژنە لەگەڵ پرۆژەکەدایە بە مەرجێ هەندێ ڕاستکردنەوەی تیادا ئەنجام بدرێ بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**یاسای ژمارە ساڵی 2012، یاسای هەموار کردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە 3 ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو:**

**ماددەی یەکەم:**

**ماددەی نۆیەمی ژمارە 3 ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو هەموار دەکرێ بە جۆرێك کە ئەصلی ماددەکە ببێ بە بڕگەی (ا) و بڕگەیەکیش بە زنجیرەی بڕگەی (ب) بۆ زیاد بکرێ بەم شێوەیە:**

**ب- دەشێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دوو وەزیری هەرێم لە خۆی بگرێ.**

**ماددەی دووەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات**

**ماددەی سێیەم:**

**ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوونی جێ بەجێ ئەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستاندا بلاْوئەکرێتەوە، تکایە بفەرموون بۆ ئاگاداریتان، و ڕاپۆرتەکە بخەنە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری، و ڕای گونجاو و دەنگدان لەسەری، سوپاس**

**بەڕێز د.عمر حمد امین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**ئێستا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی ئەیخوێنمەوە.**

**الى/رئاسة برلمان كوردستان-عيراق**

**م/تقرير لجنة القانونية**

**اجتمعت لجنة شؤون القانونية بتاريخ 24/رەزبەر/كوردي، المصادف ليوم 202/10/14 ميلادي، لدراسة مشروع قانون (التعديل التاسع لقانون مجلس وزراء اقليم كوردستان، رقم (3) لسنة 1992 المعدل)، المقدم من قبل مجلس وزراء اقليم كوردستان، والمحال الى لجنتنا وللجان المعينة بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (10) في 2012/10/8 وبعد المناقشة والمداولة، لاحظت اللجنة بان سبق و ان قدم مشروعا من قبل الحكومة حول تعديل القانون المذكور، وقدمت لجنتنا تقريره حوله الى رئاسة البرلمان، بموجب كتابنا المرقم (80) في 2012/6/7، و احلت المناقشات في البرلمان بشأنه الى موعد غير محدد، والفرق بين المشروعين هو ان المشروع الاول كان يقترح ان يضم المجلس، وزراء اقليم، بينما المشروع الجديد يقترح**

**وزيرين للاقليم، ولوجود ترابط وتواحد بين المشروعين، تقترح اللجنة جعل هذا التقرير اساسا للمناقشة والتصويت، و تؤيد اللجنة المشروع مع اجراء بعض التصحيحات فيه، وكالاتي:**

**قانون رقم() لسنة 2012**

**قانون التعديل التاسع لقانون مجلس وزراء اقليم كوردستان**

**المادة الاولى:**

**تعدل المادة التاسعة من القانون رقم (3) لسنة 1992 المعدل، يجعل اصل المادة فقرة (ا) لها، و اضافة فقرة بتسلسل (ب) اليها، و كالاتي:**

**ب-يجوز ان يضم مجلس وزراء اقليم كوردستان وزيرين للاقليم**

**المادة الثانية: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون**

**المادة الثالثة ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)**

**راجين التفضل بالاطلاع و عرض التقرير على البرلمان للمناقشة و ابداء الاي المناسب بشانه، والتصويت.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك عونی.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ب-يجوز ان يضم مجلس وزراء اقليم كوردستان وزيرين للاقليم**

**المادة الثانية:**

**على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة الثالثة:**

**ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)**

**راجين التفضل بالاطلاع و عرض التقرير على البرلمان للمناقشة و ابداء الرأي المناسب بشانه، والتصويت مع التقدير.**

**جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئەمە هەموار كردنی نۆيەمە لەياسای ئەنجومەنی وەزيران، پڕۆژەيەكە لەلايەن حكومەتەوە پێشكەش كرايە، سياغەكەی بەم شكلەيە:**

**المادة الاولى: تعدل المادة التاسعة من القانون رقم (3) لسنة 1992 باضافة فقرة (ب) الى نهاية المادة وتكون كالاتي:**

**ب-يجوز ان يضم مجلس وزراء اقليم كوردستان وزيرين للاقليم.**

**ئێمە وەكو ليژنەی ياسايی پشتگيری لەپڕۆژەكە بەگشتی دەكەين، بەتايبەتی ئەو ماددەيەی كە ئێستا خوێندرايەوە، داوا لەسەرۆكايەتی پەرلەمان دەكەم، عەرزی ئەندامانی پەرلەمان بكرێ، بۆ گفتوگۆ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا هەردوو پڕۆژەکە لەیەکتری نزیکن، پڕۆژەکەی حکومەت و ئەو تەعدیلەی، یان ئەو گۆڕانکاریانەی لیژنەی یاسایی کردوویەتی لەسەری، بۆیە ماددەی یەکەم بخوێننەوە لەئەصڵی مەشروعەکەی حکومەت، دوایی ڕەئی خۆتان بڵێن، دەیخەینە بەردەمی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکاریەکەی لیژنەی یاسایی روونە، کە داوا دەکەن ڕاپۆرتەکەی ئەوان بکرێت بەبنەما بۆ گفتوگۆ، بۆیە پێویستە ئەمە بخرێتە پێش چاو، دەنگی لەسەر بدرێ، لەڕاستیشدا ئەم دارشتنەوەی ئەوان بەشێوەیەکە کە کارئاسانیمان بۆ دەکا، بۆ دەنگ لەسەر دان و موناقەشەکردن لەسەر ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە وامان پێ باشە ئەصڵی، نێردراوەکەی حکومەت بخوێندرێتەوە، مادده بەمادده، لیژنەی یاسایی چ پێشنیارێکی هەیە، چ گۆڕانکاریەکی هەیە، ئەویش بخوێندرێتەوە، دەیخەینە بەردەستی ئێوە موناقەشەی لەسەر بکەن، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم: لەپڕۆژەی حکومەت.

المادة الاولى: تعدل المادة التاسعة من القانون رقم (3) لسنة 1992 با اضافة فقرة (ب) الى نهاية المادة وتكون كالاتي:

ب-يجوز ان يضم مجلس وزراء اقليم كوردستان وزيرين للاقليم.

بەکوردیەکەشی.

ماددەیەی یەکەم لەپڕۆژەی حکومەت.

ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە 3 ی ساڵی 1992 هەموار دەکرێ، ئەصلی ماددەکە دەبێتە بڕگەی (ا) و بڕگەیەکیش زیاد دەکرێت بە زنجیرەی (ب)، بەم شێوەیە:

ب- دەشێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان_ عێراق، دوو وەزیری هەرێمی تێدا بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەلیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکەین بەو شێوەیەی کە هاتووە، کەخوێندنەوەشمان بۆ کردووە، هیچ گۆڕانکاری لێ نەکرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ قسەی لەسەر بکرێ، تکایە ناوەکانتان بڵێن، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە ( د.صباح، کاك عبدالسلام، مامۆستا فرمان، کاك عبدالرحمن، کاك سەرهەنگ، نەسرین خان، کاك دڵشاد، کاك حازم، د. احمد، کاك ئارام، کوێستان خان، ئاشتی خان، د. عمر، کاك کاردۆ، امینە زکری)، فەرموو د. صباح.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بوونی وەزیری هەرێم لەهەر کابینەیەکدا دەتوانێ بۆ چارەسەری هەندێ ئیشکالات بێ لەبەڕێوەبردنی کارەکانیدا، یا بۆ کاتێك کە پێویست کرا حکومەتێکی ئیتیلاف دروست ببێ، حکومەتێکی نیشتیمانی، ئەمە هیچ کێشەی لەسەر نییە، یاخود جاری وا هەیە وەزیرێك دەچێ بۆ سەفەر، یەکێك لەوەزیرەکانی هەرێم کە کاروبارەکانی وەزارەتەکە دەبا بەڕێوەوە، بەڵام من لێرە بەلامەوە سەیرە بۆ چی تەنها دوو وەزیر بێ؟ یەعنی ئەمە بۆنی ئەوەی لێ دەکرێ یەعنی بڕیاردرابێ مەسەلەن دوو کەس بکرێ بەوەزیر یان شتێکی وا، بۆیە پێمولیە سیغەکە بەم شێوەیە بێ جوانترە، ئەشێت لەئەنجومەنی وەزیراندا چەند وەزیرێکی هەرێم هەبێت، چونکە ڕەنگە پێویست نەکا، کێ دەڵێ سبەینێ پێویست ناکا تەعدیلێکی تر بکرێ، یەعنی تەعدیلێکی تر بکرێت، بۆیە چەند وەزیرێکی هەرێم تەبیعییە، لەزۆر لەوڵاتاندا هەیە، ئەگەر نەشبێ ڕەنگە باشتر بێ، بەڵام کە بوو، با یەك یان دوو نەبێ، با تەحدیدی ژمارەکەی نەکرێ، ئەوە گونجاوترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکا دەکەم لەپەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئێحتیرامی ڕەئی برادەرانی خۆتان بگرن، چونکە ئێوە کەیفی خۆتانە، ڕەئیتان موعاریزە لەگەڵ یەکتری، بەڵام دەبێ هەموو ئێحتڕامی ڕەئی یەکتر بگرین، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەیەك لەیاسای ڕێکخستن و دەستنیشانکردنی ئەنجومەنی وەزیران هەموار دەکەین، واتە کە ئەم یاسایە، ئەم هەموارکردنە دەرچوو ئیتر دەبێتە واقع، بۆیە وشەی ئەشێ ئەوە دەتوانی لەوەختێ بڵێین لەئایندەدا دادەنێین، مادام ئێمە لێرە تەحدید دەکەین حکومەت ویستوویەتی دوو وەزیری هەرێمی هەبێت، بڕگەی (أ) دەڵێ (تتكون مجلس الوزراء من: (أ) وەزارەت، وەزارەت، وەزارەت، (ب) بەتەسەوری من پێشنیارەکەم ئەوەیە بڵێ دوو وەزیری هەرێم کە کارەکانیان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری دەکرێن، هەرچەندە تێبینییەکەی هاوڕێم د. صباح ڕاستە ئەکرا بەکراوەیی بێڵین و هەر وەختێك حکومەت بەپێی

ئەو مەنتقەی هاوڕێم باسیکرد، پێویستی بەوەزیر هەبێتن پێشکەشی بکات، بەڵام ئێستا حکومەت خۆی بەمەسلەحەتی زانیوە دوو هەبێت، من دەڵێم ئەوەی کە ئەشێ بڵێین دوو وەزیر، وەزیری هەرێم کە کارەکانیان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشان دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من سەبەبی زیادکردنی ئەو دوو وەزیرە لەیاسایەکەدا نەهاتووە، یەعنی سەبەبەکەی چییە؟ بۆ زیاد بکرێ دوو وەزیر؟ پێویستی بەچی هەیە؟ ئیش و کارەکانیان دیار نەکردووە بۆ ئێمە کە موناقەشەی لەسەر بکەین، بەڕائی من وەزیرێك بەسە، ئەگەر وەزیری هەرێم بێ، وەزیرێك بۆ هەرێم بەسە، چونکە هەرێمەکەمان ئێستا بچووکە، (5) ملیۆن کەسین، (19) وەزیرمان هەیە، وەزیری هەرێمیش هەبێ، بەڕەئی من (19) وەزیریش زۆرە، دەبێ (15) وەزیر بێ، زۆر دەوڵەتی گەورە هەیە، (15) وەزیری هەیە، ئێمە بۆ (19) وەزیرمان هەبێ؟ یەعنی بەڕەئی من یەك وەزیر بەسە، هۆی زیادکردنی ئەمانە دیار نییە بۆ ئێمە، نازانین یەعنی بۆ چی؟ سەبەبەکەی چییە؟ بۆ چی؟ یەعنی بڵێن سەبەبی ئەوەیە، بۆ ئەوەیە، بۆ ئەوەی ئێمە دەنگمان لەسەر دابا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەکرێت بپرسین وەزیری هەرێم بۆچی؟ بەڕاستی ئەو بەڕێزانەی کە دەستنیشاندەکرێ بۆ سەرۆکی هەرێم، دیارە ئێمە وەکو دەبینین یەکیان ساغ بوویتەوە بەڕاستی ئەوە پلەی وەزیرە و هەماهەنگی نێوان پەرلەمان و فەرمانگەکانی حکومەت دەکا، بەڵام ئەوەی دووەم کە گوایە بۆ برایانی ئێزیدییە، دیارە ئێمە برایانی ئێزیدی زۆر لەوە بە شایەستەتر دەزانین کە پلەی وەزیری هەرێمیان بدرێتێ، دەبوایە برایانی ئێزیدی یەك لە پۆستە سیادییەکان وەر بگرن، ئەوانەی کە وەزیری تەعلیم و کاروباری خزمەتگوزارییان بەدەستە، لەبەر ئەوەی ئەگەر چاوێك بخشێنی بەناوچەکانی ئێزیدی بەڕاستی بەجارێك وێرانە، دەکرێ ناوی لێ بندرێ ( المناطق المنکوبە ) پێویستی بەوەبوو وەزیری شارەوانی وەزیری تەندروستی، یەك لەو وەزیرانەی کە بیتوانیبایە خزمەتی ناوچەکانی بکردبانە ئەومان دابنابایە لەبرایانی ئێزیدی، نەك بۆ ڕازیکردنی برایانی ئێزیدی وەزیرێك دابنێن بەناوی وەزیری هەرێم، ئێمە لێرە بەڕاستی زۆر لەوە بەشایستەتر بەبرایانی ئێزیدی دەزانین کە وەزیرێك دابندرێ بەناوی وەزیری هەرێم، بەڕاستی دانانیشی پێموایە ئەگەر بەم شێوەیە بێ بۆ ڕازیکردنی برایانی ئێزیدی، بەڕاستی ڕازی نیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێز کە ئەو پرسیارانە دەکا، دەبوو پێشتر لەلیژنەکاندا بانگی حکومەتتان بکردبایە، بتان گوٚتبا ئەو وەزیرانە بوٚچی و لەبەر چی؟ ئینجا تەحدید نەکراوە ئەو وەزیرانە بوٚچی، حکومەت داوا دەکا دوو وەزیری هەرێمی هەبێ، کاک شوان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەروٚکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من روونکردنەوەیەکم هەیە، هیوادارم وابێ و جێی خوٚی بگرێ، یەزیدی نییە، ئێزیدییە، تکام وایە ئەمە ڕەچاو بکرێ، چونکە ئەوە دەمێکە هەوڵی ئەوە دەدەن، دوژمنەکانمان بمبورە، لەگەڵ ڕێزمان بوٚ هاوکارم و برای بەڕێزم ماموٚستا فرمان، دوژمنەکان پێیان دەڵێن یەزیدی، ئێمە پێیان دەڵێین ئێزیدی، زوٚر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخوای شوان گیان هەموومان دوٚستی ئێزیدییەکانین، پێشیان دەڵێین یەزیدی، کەم کەس دەڵێ ئێزیدی، نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفی:**

**بەڕێز سەروٚکی پەرلەمان.**

دیارە سەبارەت بە ماددەی یەکەمی ئەم پڕوٚژە یاسایە، من پشتیوانی ئەو بەشەی دەکەم، کە کاک ماموٚستا فەرمان باسیکرد، لەسەر مەسەلەی ئێزیدییەکان، من پشتیوانی ڕەئییەکەی ماموٚستا فرمان دەکەم، چونکە ئێمەو برایانی ئێزیدی هەموومان تێکەڵین، هەموومان کەس و کاری یەکترین، عەزیزیشن لەلامان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە داوای وەزیرێك دەکرێت، حەقە خوٚیان قبووڵی ئەوە نەکەن کە پوٚستێکییان بدرێتێ تەنها بەناو بێت، هەر لەهەمان کاتدا لەگەڵ برا ئێزیدییەکان لەوانەیە برا کاکەیەکان و برا شەبەبەکانیش داواکاری ئەوە بن، کە تازەترین داواکاری برا کاکەیەکانیش ئەوەیە کە دەڵێن ئێمەش حەقە کەسانێکمان هەبێ، نوێنەرێکمان هەبێ، لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لەو کاتە کە ئەوە جێ بەجێ بکرێ دەبێ ئاوڕێکیش لەبرا شەبەك و برا کاکەییەکان بدرێتەوە، ئەمە خاڵێکیان، خاڵی دووەم، لەڕاستیدا ئێمە کابینە یەك لەدوا یەکەکان، کابینەی (5 و 6و 7) بڕیارێك درا کە تەقەشوفات بکات، بڕیارێك درا کە تەقلیسات بکات، بەڵام بەداخەوە ئەو تەقلیساتە دەورو کاریگەرییەکی ئەو توٚی نەبوو، ڕوٚژ بەڕوٚژ وەزیر زیاد دەکرێت، ژمارەیەکی زوٚر لەوەزیرمان هەیە، ژمارەیەکی زوٚر دەستەمان هەیە، هەموو سەروٚکی ئەو دەستانە وەزیرن، ئەمانە کوٚی بکەیتەوە ژمارەیەکی زوٚر لەوەزیرمان هەیە، کە ئەمە حاڵەتێکە بەڕاستی ناکرێت توٚ بەو جوٚرە خوٚت بەرنامەیەك هەڵبگری بوٚ تەقلیسات و تەقەشوفات، بەڵام خوٚشت پێشێلی بڕیارەکەی خوٚت بکەی، بوٚیە زیادکردنی هەر پوٚستێك، هەر وەزیرێ لەو وەزیرانە، زیادەیەکی ترە بوٚ سەر ئەنجومەنی وەزیران، کە

ئەمە ڕەنگدانەوەی کابینە یەك لەدوا یەکەکانە، کابینە یەك لەدوا یەکانەش کە بڕیاریاندابوو، بەداخەوە کەتاوەکو ئێستاش دوو ئیدارەیی هەر بەردەوامە، یەعنی مۆرکی دوو ئیدارەیی لەهەرێمی کوردستاندا بەردەوامە، کە بەتەقلیسات و تەقەشوفاتەکانیشەوە کە هەیە، بۆیە من لێرە پێشنیار دەکەم، وابزانم ئێمە نوێنەرمان هەیە، مونەسیقی نێوان حکومەت و پەرلەمانمان هەیە، ئەو مونەسیقە ئیشەکانی خۆی جێ بەجێکردووە، دەکرێت ئەو مونەسیقەش هەر ئیشەکانی برا ئێزیدییەکان و برا کاکەییەکان و شەبەکەکانیش دەتواندرێ جێ بەجێ بکرێ، یەعنی برا ئێزیدییەکان پێویستی بەوە هەیە، کە خۆیان قبوولی ئەوە نەکەن، پێویست بەوە بوو کە پۆستێك یان وەزارەتێکی کارایان بدرابایێ، بۆ ئەوەی کارەکانیان جێ بەجێ بکرێ، ئەم دوو وەزیرە، وەزیری هەرێم بەقەناعەتی من زەروور نییە لەکابینەی تازە کە دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەوەی ئەو دوو وەزیری هەرێمە ناوی نەهاتووە بۆچییە، ناوی نەهاتووە، ئێوە موناقەشە لەسەر مەوزوعێك دەکەن، کە لەپڕۆژەکە، لەداواکارییەکە نەهاتووە، تکایە ئێوە موناقەشەی ئەوە بکەن کە لەپڕۆژەکە، لەماددەکەدا هاتووە، کاك شڤان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا لەجەنابت دەکەم ئەو مەوزوعە تەفسیر نەکرێ هەر کەس بە ئەوەی خۆی، جەنابت ڕێگا نەدەی کە لەبەرنامە دەربچێت، باسی دوو وەزیر کرایە، باسی هیچ ئێزیدی و مونەسیق و ئەوە نەکرایە، ئەوە دەرچوونە لەبەرنامەی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە برایانی لیژنەی یاسایش باسی ئەوەیان کرد کە پێشتر ئەم پڕۆژەیە هاتووە، پەرلەمان داوای کردووە، یان ئەندامانی پەرلەمان داوای ئەوەیان کرد، دوابخرێ بۆ کاتێکی نادیار، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش پێشنیارەکەی پێشکەش کرد، ئەم پڕۆژەیە هەر هەمان پڕۆژەیە، کە پێشتر هاتبووە بەردەستمان، پێشتر تەحدید کرابوو وەزیرەکان دەڵێ برایەك لەو برایانە کەسێك لەو پۆستە بۆ مەسەلەی مونەسیقی نێوان حکومەت و پەرلەمان، ئەوی تریشیان بۆ مەسەلەی کاروباری برائێزیدییەکان، ئەم پڕۆژەیە هەر ئەم پڕۆژەیە بۆیە لەو مەوزوعە قسەی لەسەر دەکەین، بەڕای من ناکرێ ئەم پڕۆژەیە هێندرابێ بەبێ ئەوەی

حكومەت تەحديدى كردبێ كە ئەم وەزيرانەى بۆچ كاروبارێكە؟ ئەصلْ وايە دەبێ تەحديدى بكا، ئەگەر تەحديدى نەكا، چۆن پەرلەمانى كوردستان ئيقرارى زيادكردنى دوو وەزير دەكا بۆ ناو ئەنجومەنى وەزيران، بەبێ ئەوەى بزانى بۆ چ مەبەستێكە، ئەگەر فەرەزنا وادابنێين كە بۆ مونەسيقى نێوان پەرلەمان و حكومەتە، ئەوە ئيش و كارى نێوان پەرلەمان و حكومەت لەئێستادا زۆر، زۆر بەباشى دەڕوا پێويست بەو حاڵەتە ناكا، وەكو برادەرەكان باسيان كرد ئێمە پێويستمان بەوە هەيە كەئێستا ئەو تەقليساتەى كە باسكرا، ئەو تەقەشوفاتە ئيدامەى هەبێ، نەك بەناو و بە پلەى جۆراو جۆر و بەشێوەى تر ئێمە قورسايى لەسەر كابينەى حكومەتى هەرێمى كوردستان، لەسەر ئەنجومەنى وەزيران زياتر بكەين، خەڵك زياد بكەين بەناو پلەى وەزير كە ئەمە قوورسايەك كەهەمووومان دەزانين دروست دەكا، ئەگەر بڕياريش بێ وافەڕەزن كە برادەرەكەى تر، كە پۆستەكەى تر بۆ كاروبارى برا ئێزيدييەكان بێ، ئەوە بەتەئكيد شەبەكيش لێرە قسەى هەيە، كاكەيش لێرە قسەى هەيە، برا هەوراميیەكانيش قسەيان هەيە، ئەمانە پێويستە لەكاتێكدا لەبەرچاو بگيرێن كە مەسەلەن حكومەت تەشكيل دەكرێ، ئەمانە وەزارەتى فەعلييان پێ بدرێ، دەبێ ئەم تەوازنە لەو كاتەدا ڕابگيرێ، نەك دوايى، هەڵەكە كراوە، دوايى بەجۆرێكى تر بويسترێ ڕاست بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شريف:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من بۆ ئەوەى ئەلەم موناقەشە جيايانە ڕزگارمان بێت، جوابى يەكتر نەدەينەوە، پێم باشە ئەم پڕۆژەيە بنێردرێتەوە بۆ حكومەت، پێى بڵێين وەرە بۆمان دەست نيشان بكە، ئەو دوو وەزارەتەت بۆچييە؟ ئەو كاتە پەرلەمان دەتوانێت بڕيارى خۆى بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسين قادر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەو پڕۆژانەى لەئەنجومەنى وەزيرانەوە دێ، من نازانم نوێنەرى ئەنجومەنى وەزيران لێرەيە بۆ موناقەشەكردنى ئەم پڕۆژەيە يان نا؟ وەكو عورف، وابزانم ئەو پڕۆژانەى كە هاتوون نوێنەرێك يان وەزارەتێكى مەعنى لەئەنجومەنى وەزيران ئامادەبێ بۆ روونكردنەوەى ئەم پرسيارانەى ئێمە، چونكە ئێمە نازانين ئەو پرسيارانە رووبەرووى كێ بكەينەوە، ئەنجومەنى وەزيرانى ئەم كابينەيە نزيكەى ساڵێك كەمترى ماوە، لەساڵێك كەمتردا پێويستى بە دوو وەزيرى هەرێم بۆچييە؟ دەبێ وەڵاممان بداتەوە، ئامانجەكانى چين؟ ئەهەدافەكانى چين؟ لەكاتێكدا دانانى دوو وەزير جگە لەوەى زيادكردنى پۆستە،

**لەڕووی مالییەوە قورسایی دەخاتە سەر بودجەی گشتی، دەبێتە عورف و عادەتێك لەداهاتوو بۆ پێكهاتەی ئەنجومەنی وەزیران كە ئەم عورف و عادەتە ڕەچاو بكرێ لەداهاتوو بۆ كەمە نەتەوەكان، یان كەمە ئاینەكانی تریش، بۆیە بەبڕوای من كە ئەنجومەنی وەزیرانی ئەم كابینەیە كە كەمتر لەساڵێكی ماوە، پێویستی بەوە نییە ئێستا دوو وەزیری بۆ ئەنجومەنی وەزیران زیاد بكات، بابڵێین دوو وەزیری بێ وەزارەت بابڵێین، وەزیری هەرێم زیاد بكا، دەبێ نوێنەرێك لەئەنجومەنی وەزیران ئەوەمان بۆ روون بكاتەوە بۆ كێیە؟ هەدەفەكە چییە؟ ئامانجەكە چییە؟ چونكە ئەگەر وانەبێ ئێمە ناتوانین لەوە تێبگەین ئەم وەزیرە بۆ برائێزیدییەكان و بۆ مونەسیقی نێوان پەرلەمان و حكومەتە كەوا قسەی لەسەر دەكرێ، لەبەر ئەوەی نوێنەرایەتی ئەنجومەنی وەزیران لێرە نییە، ئەمەمان بۆ روون بكاتەوە، وەڵامەمان بداتەوە، بۆیە پێم باشە لەم مودەی كە كەمتر لەساڵێكی ماوە، ئەنجومەنی وەزیران هیچ وەزیرێكی هەرێم زیاد نەكات، لەداهاتوودا ئەو پێكهاتە سیاسیانەی كە ئەنجومەنی وەزیران پێكدەهێنن ڕەچاوی ئەمە بكەن لەپێكهێناندا، چونكە لەڕاستیدا ئەنجومەنی وەزیران ئێستا ئەگەر لەسەری بڕۆین جارێكی تر ئەگەر تەشكیلی بكەیتەوە پێم وایە كەمتر لەم وەزیرانەی كە هەیەتی دەبێ هەیبێ، بتوانی هەرێمی كوردستان بەڕێوەبەرێ، كە مەسافەكە و خۆت دەزانی لەسنووری سێ پارێزگاو ناوچە دابڕاوەكاندا كە هێشتا وەزیرمان زۆرە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك حازم فەرموو.**

**بەڕێز حازم تحسین سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئیرۆ ئێزیدی ل كوردستانێ (5) سەد هەزارن، میللەتەكین گەلەك تەعەدا ل مە بوی، مە نەڤێت پتر و پتر حكومەتا كوردستانێ تەعەدێ ل مە بكات، حكومەت حكومەتا مەیە، ئو دبیت ئێزدی ژی ڕازی بن، ئو زانن چەند عالەم كو هەندەك بێژن ئێزدی عەرەبن، ئو ئێزدی نزانم چینە و نزانم چی؟ ئەم رجا ژ وە دكەین، تەعدیلا قانون مەجلس وزەرا بێتە كرن، چونكو پێش ڤێ كابینا مە كو ژ وەزیرێ هەبوو، ئەوجا ئەم رەجایێ دكەین وەزیرەك بێت، وەزیرێ كاروبارێ ئێزدیان، ئەز گەلەك مەمنونم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**د. احمد فەرموو.**

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتێ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دیارە ئەو پڕۆژەیە لە ئەنجومەنی وەزیران نێردراوە، بەڵام جاری یەكەم كە لە 2012/5/20 ئەنجومەنی وەزیران بەنووسراوی ژمارە (1302) ناردوویەتی، لەگەڵ ئەوەی كە لە 2012/9/18 ناردوویەتی بە**

ژماره (10287) ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو بڕیارە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دراوە، ژمارەکەی.........

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە هەندێك هێمنی هۆڵەکە بپارێزن، چەندجارێکی تر باسمان کردووە، لەپرۆتۆکۆڵ تەسجیل نابێ دوایی، حەقیشە گوێ لەرەفیقەکانتان بگرن، فەرموو د.احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتێ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو بڕیارە لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران نێردراوە، لەکۆبوونەوەی 2012/5/27، یەعنی هەردوو نووسراوەکە ئاماژەی بۆ کۆبوونەوەی 2012/5/27 کردووە، چ ئەوەی لە 5/20 نێردراوە، چ ئەوەی لە 9/18 نێردراوە، تەنها جیاوازییەکە ئەوەیە یەکەکیان بە ئیمزای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، یەکەکیشیان بە ئیمزای جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەگەر دوای ئەوەی کە لەپەرلەمانەوە ئەو پرۆژەیە نێردراوەتەوە بۆ حکومەت، کۆبوونەوەی تری لەسەر نەکراوە، بەهەمان ئەو کۆبوونەوەیە جاریکی دیکە نێردراوەتەوە، گۆردراوە بەوەی کە پێشتر دەڵێ دەشێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان چەند وەزیرێك لەخۆ بگرێت، بەڵام لەنووسراوی دووەم دەڵێ دەشێ ئەنجومەنی وەزیران دوو وەزیری هەرێم لەخۆ بگرێت، هیچ جیاوازییەکی نەکردووە، تەنها هەردووکیان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە 2012/5/27 لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دراوە، ئەمە یەکەم، دووەم، لەسەرەتای ئەم خولەی پەرلەماندا کە یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموار کرایەوە، ژمارەی وەزیرەکان کەم کرایەوە، هۆکارەکەی ئەوەبوو ئەو قورساییەی لەسەر ئەنجومەنی وەزیران کەم بکرێتەوە، ئەو هەموو وەزیرانە لە کابینەی حکومەتدا نەبن بەتایبەت وەزیری هەرێم نەما، ئێستا کە وەزیری هەرێم جارێکی تر دابندرێتەوە هۆکارەکانی لەم پرۆژەیە دیاری نەکراوە، وەئەسباب موجیبە، هۆکاری چییە کە حکومەت داوای کردووە؟ لەنووسراوی یەکەم کەچەند وەزیرێکی هەرێم هەبێ، لێرەدا دەڵێ دوو وەزیری هەرێم لەخۆی بگرێ، هۆکارەکانی دەست نیشان نەکردووە لەڕاستیدا، بۆیە من تەنها ڕەئیم لەسەر ئەوەیە کە یەك وەزیری هەرێم لەکابینەی حکومەتدا هەبێت، چونکە وادەزانم زیاتر مەبەستی حکومەت ئەوە بووە کە ڕێکخەری کاروباری نێوان پەرلەمان و حکومەت بۆ ئەوەی کە بتوانێ ئیش و کارەکانی بەتەواوی ببات بەڕێوە و لەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران بەشدار بێ، لەبەر ئەوە من لەگە ڵ ئەوە دام تەنها یەك وەزیری هەرێم لەخۆ بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە یاسایە پێچەوانەی ئەو دورشمەیە کە حکومەت خۆی بەرزی کردۆتەوە لە کابینەکانی پێشوو کە گوایە تەرشیقی ئیداری دەکات و دەیەوێ وەزارەتەکان کەم بکاتەوە، بەڵام ئەوەتا ئێستا خۆی بەم پرۆژە یاسایە پێچەوانەی ئەو دورشمەی خۆیەتی، ئەم پرۆژە یاسایەش هەر پێچەوانەی ئەو کۆبوونەوانەیە کە ئێمە رۆژانە دەیبینین، چەندین وەزیر هەیە لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بەشدارە بەبێ ئەوەی پەرلەمانیش پەسەندی کردبێت و ئاگاداریش بێ، بەناوی فەرمانگە و بەناوی دەستەوە چەندین وەزیر ئێستا بەشداری کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکا، ئەگەری نییە، چونکە ئێمە وەکو پەرلەمانتار بەدڵنیاییەوە پرسیارمان نییە، ئەم دوو وەزارەتە بۆ کێیە؟ یەکیان بۆ رێکخستنی کاروباری فەرمانگەی پەرلەمان و وەزارەتە، ئێمە پشتگیری ئەوە دەکەین ئەوە هەبێ، چونکە بەدڵنیاییەوە بوونی ئەو بەرێزە زیاتر کاروبارەکانی پەرلەمان کاراتر دەکات، خۆشی ئێستا بەشدارە، بەس تەنها ئەوەیە رۆڵێکی زیاتری پێ بدرێ، بۆ ئەوەی کە تەنسیق و هەماهەنگییەکە زیاتر بکا، بەڵام ئەوەی کاك حازم باسیکرد بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو ستەمەی کە لەبرا ئێزیدییەکان کراوە، بەڕاستی بەمە قەرەبوو ناکرێتەوە ئەم پرۆژە یاسایە، لەکابینەی پێشوو وەزارەتێکیان هەبوو لێیان سەندراوەتەوە، قەرەبووەکە بەوە دەکرێتەوە ئێستا یەکێك لەوەزارەتەکانی تر بەتایبەتی ئەو وەزارەتانەی کە گرینگن پێیان بدرێتەوە، نەك بەو پرۆژە یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەرێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری هاورێکانم دەکەم، کە کابینەی پێشوو کابینەی شەش باسی ئەوەی کرد کە تەرشیقی حکومەت دەکات، لە (40) وەزیرەوە کردی بە (28) بەڵام لەپاڵدای ئەوەندەی دەزگا و دەستەی دروستکرد، (19) وەزارەتە، (28) وەزیرە، لەپاڵدا ئەوەندەی دەستە و دامەزراوەی دروستکردووە زۆر لە (40)ی تێپەڕاندووە، ئێستاش بەشێوازێکی دیکە وەزیری هەرێم دەهێنێتە ناوەوە، بەڕاستی ئەمە تەرشیق نییە، ئەمە لەهیچ شوێنێك ئەو هەموو وەزیر و ئەم هەموو دەستەیە کە ئەرکێکی گەورە دەخاتە سەر حکومەت وا دەکات ئەنجومەنی وەزیران لەکاتی خۆیاندا کۆنەبنەوە، کە کۆنابنەوە، وا دەکا بڕیارەکانیان جێ بەجێ نەبێ، بۆیە من ئەوە ڕەتدەکەمەوە، لەکاتێکدا یاسایەکە خۆی ئەسباب موجەبەشی نەناردووە، بۆیە هەر ڕەتی یاسایەکە دەکەمەوە، پشتگیری ماددەکە ناکەم، پشتگیری ئەوە دەکەم کە هیچ وەزیرێك زیاد نەکرێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەرێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەقسەکانی هاوکارم کوێستان خان دەکەم، بڕوام وایە کە لەکابینەکانی پێشوودا تەجروبەیەکمان هەبووە کە پۆستی وەزیری هەرێم نەیتوانیوە بەشداری بکا لەداڕشتنی ئەو سیاسەتەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ڕادەگەیەندرێت، بۆیە ئێمە داواکارین بەڕاستی بەشێك لە روونکردنەوکەمان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر پۆستێك هەبێت بۆ بالانسکردنی هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، عەقیدی، یان هەر پێکهاتەیەك لەناو هەرێمی کوردستاندا ئەوان پێگەیەکی گەورەیان هەیە، بوونێکی فعلی خۆیان هەیە، لەئاستی کۆمەڵایەتی و لەئاستەکانی تردا، ئەمە هیچ کەسێك ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات، ئەگەر بمانەوێ ئەو بالانسە لەڕێگای دابەشکردنی پۆستەوە بکەین، زۆر لایەنی تر مەغدور دەبن لەو مەسەلەیە، بۆیە ئێمە بەڕاشکاوانە من خۆم شەخسی داوای ئەوە دەکەم کە ئەگەر بۆ بالانس وەرگرتن بێ، بۆ هەر پێکهاتەیەك لەناو دانیشتوانی هەرێمی کوردستاندا پێویستە پۆستی فەعلییان بدرێتێ، نەك پۆستی تەشریفی کە ئەوان نەتوانن لەئاراستەکردنی سیاسەتی ئەنجومەنی وەزیراندا قسەی جدییان هەبێ، چونکە دڵنیاین ئەوانە خەڵکی زۆر شارەزاو لێهاتوویان تێدایە، کە دەتوانن بەشداری بکەن لە ڕەسمی سیاسەتی ئەنجومەنی وەزیراندا، بۆیە داوای پێگەی فەعلی دەکەین بۆیان، نەك پێگەی تەشریفی لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ماددەکە دام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا منیش پشتگیری لە داواکاری هاوکارانم دەکەم، کوێستان خان و ئاشتی خان، بەجوانی مەوزوعەکەیان روونکردەوە، لەڕاستیدا ئێمە دەمانەوێ ئەنجومەنی وەزیران کە نووسراوێکی کردووە، دەیەوێ کارێکی باش بکا، بۆ ئەوەی مەکەونێك لەهەرێمی کوردستان کە حەقی خۆیەتی هەموو مەکەوناتی ناو هەرێمی کوردستان بە عەقائیدی و بەنەتەوەکانەوە مافی خۆیان هەبێ لەدەستەڵاتە فەعلییەکان لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، لەبەر ئەوەی ئەوانیش خاوەنی ئەو خاکەن، لەبڕیاردانە چارەنووس سازەکاندا بەشدارن، لەڕاستیشدا بەشدار بوونە، بەڵام ئەگەر دەمانەوێ ئێمە بەفعلی کاریان بۆ بکەین، لەڕاستیدا شوێن زۆرە، یەعنی ئێمە بێین وەزیرێکی بێ وەزارەت بێ لەڕەسمی سیاسەتی ئیداری و ئیقتیسادی و سیاسی ئەم وڵاتەدا هیچ بوونێکی نەبێ، تەنها وەکو ڕەمزێك دایبنێین، پێموایە تەنها تەعین کردنی وەزیرێکەو بەس، من پێم وانییە برا ئێزیدییەکان بەوە ڕازی بن کە تەنها وەزیرێك هەبێ، بەڵکو دەبێ وەزیرێکی فەعلییان هەبێ، یان هەر موکەونێکی تریش بێ، وەکو باسکرا ئێمە کە هەر مەوزوعێك دێتە پەرلەمانی کوردستان........

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

برای خۆم ئەتۆ موناقەشەی ئەوە بکە، تۆ ڕازی یان ڕازی نی، ئەو برادەرانە هەموو باسی ئەوەیان کرد لەقانونەکە نەهاتووە، ئەمە بۆ کوێ؟ تۆ ڕازی یان ڕازی نی؟ بلێ ڕازی نیمە لەبەر ئەم سەبەبانە ڕازی نیم، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەکاتی ڕازی بووندا دەبێ مەنتیق و حیکمەت و فەلسەفەکەی بوترێ، وە لەکاتی ڕەفز کردنیشدا دەبێ بوترێ، باشە حکومەتی هەرێمی کوردستان نە وتوویەتی بۆ کێیە؟ نە وتوویەتی ئەسباب موجەبەکەی چییە؟ کاری چییە؟ لەکاتێکدا ئێمە وەزارەتێك دادەنێین، چی لەم هەرێمە دەکات؟ ئیجابیات وسلبیاتی چییە؟ بۆیە من پێشنیار دەکەم بەڕاستی هەر موکەونێك وەزارەتی فیعلی خۆی پێ بدرێ، نەك وەزارەتێکی تەشریفاتی پێ بدرێ، هیچ نەگۆڕێ لەمەسەلەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت لەلیژنەی قانونی بووی ئەوکاتەی کە موناقەشەی ئەوە کرا دەبوایە پرسیار بکەی، لەگەڵ حکومەت پرسیار بکەی ئەو کاتە، فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکاریەکەی حکومەتی هەرێم ڕوونە، ئەو پێویستی بەوە هەیە دوو وەزیری هەرێمی هەبێ، نەشی وتووە مەسەلەن بۆ چی مە؟ بەڵام لەداهاتوودا کە ئەم وەزیرانە دیاری دەکرێن، سوێندی یاسایی لێرە دەخۆن، بەدڵنیایی دیار دەبێ ئەم دوو وەزیرەی هەرێم، حکومەتی هەرێم بۆچی دەوێت؟ ئەوەی تر بەڕاستی پێشبینی و لێکدانەوەیە، ڕەنگە یەکێك لە وەزیرەکان بۆ ئەوە بێ کە ببێتە وەزیری کاروباری پەرلەمان لەناو حکومەتی هەرێمدا کە ئێستا بەفیعلی هەیە و کار دەکا، ڕۆژانە ئێمە لیژنەکان لەپەیوەندیداین لەگەڵی و کارئاسانی لەنێوان دەستەڵاتی تەنفیزی و تەشریعی دەکا، ئەوەی تر لە ڕاستیدا ئەمە لێکدانەوەیە ئایا بۆ کاروباری ئێزیدیان دەبێ یان نابێ؟ ئێزدی، پێشنیارەکەی کاك شوان بەڕاستی دروستە دەبێ بڵێین ئێزدی، ئەوە ئەو موناقەشەی کە دەکرێ، حکومەت خۆی نەی وتووە، بۆیە پێش بیروبۆچوونی حکومەت نەکەوین، تا ئەو ڕادەیەی ئێمەش موتابەعەمان کردبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بیەوێ بەشداری نوێنەرایەتی ئێزدیەکان لە حکومەتی هەرێمدا بکات لە چوارچێوەی ئەو دوو وەزارەتە کە دادەمەزرێ، ئەو ڕەنگە بیەوێ لە ناو کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەزیریك هەبێ ئێزدی بێ، نەك بڵێین بۆ کاروباری ئێزیدیەکان، بۆیە لە ڕاستیدا نابێ پێش ئەوە بکەوین کە حکومەت بە ڕوونی و ڕەوانی ئەوەی نەهێناوە لە ناو یاساکەدا، ئەگەر قسە لە سەر بەشداری فیعلی و بەرجەستەی ئێزیدیەکان

بێ له دەسەڵاتی سیاسی له سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و له سەر ئاستی ئیتیحادی، ئەوه له ڕابووردوودا دیاره، هەمیشه له کابینەکانی حکومەتدا (ئێزیدیەکان، مەسیحیەکان، تورکمانەکان) وەزیری فیعلیان هەبووه، دیاریشه که له ناو پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراقیشدا به فیعلی کێ حیسابی بۆ ئێزیدیەکان کردووه و ویستوویەتی نوێنەرایەتی ئەوان حزووری هەبێ و له ناو ئەم دەسەڵاتەدا مومارەسەی دەسەڵات بکات، خاڵێکی تر ئەوەیه که له ڕاستیدا ئاماژەم پێدا له ئایندەدا ئەوه ڕوون دەبێتەوه که حکومەتی هەرێم، ئەم وەزیرانەی بۆ چییه؟ ڕەنگه زیاد له کارێکی پێ بسپێرێ، ڕەنگه که وەزیرێك مۆڵەته وەکالەتەن ئەو وەزارەتەی پێ بسپێرێ، ڕەنگه بۆ هەندێ کاروباری تایبەت ڕای بسپێرێ، ڕەنگه بۆ هەندێ کاروباری موتابەعه بێ، ڕەنگه بۆ هەندێ کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی بێ، وه ئەمه له داهاتوودا ڕوون دەبێتەوه له کاتی سوێند خواردنی وەزیرەکان و هیچ پێویست ناکات تۆ مەسەلەن بڵێی ئەمه شتێکی شاراوەیه، سەبارەت بەوەش که له ڕاستیدا دەبینین ئەمه له کابینەی ڕابوردووشدا هەبووه، ئێستا له حکومەتی عێراقیش دا هەیه، له کابینەی حکومەتەکانی تری دونیای دیموکراسیشدا ئەم جۆره پۆستانه هەیه، و قسەش له سەر مەسەلەی تەرشیق دەکرێ، ئەم دوو بەڕێزه که دەبن به وەزیر، تەنها خۆیان وەزیرن، ئۆفیسێکی تایبەت به خۆیان دەبێ، نه وەزارەتێکی گەوره و نه هەیکەلی گەوره که تەئسیر بکاته سەر تەرشیق و گەورەکردن و ئیتر زلکردنی قەبارەی هەیکەلی ئیداری بەشێوەیەك که تەئسیراتی سلبی هەبێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموارکردنی یاسا یان دانانی وەزیر له سەر ئەگەر و دەشێی و ڕەنگه نابێ، دەبێ ڕوونی بکاتەوه هۆکاری پێویستیەکانی دوو وەزیری بۆ چییه؟ ئەمه لای پەرلەمان ڕوون بێ ئینجا دەنگی بۆ بدات، ئەمه خاڵێك: خاڵێکی تر: دانانی وەزیری هەرێم به پێچەوانەی کارنامەی حکومەته که متمانەی لەو پەرلەمانەی وەرگرتووه، ئەو له سەر بنەمایەك وەزارەتەکانی کەم کردووه و وەزیری هەرێمی نەهێشت بنەمای تەرشیق کردن بوو له حکومەتی هەرێم، چونکه پێیان وابوو بارێکی قورسه به سەر هەرێمەوه، لەبەر ئەوه ئێستا دەبێ ئەمه زۆر ڕوون بێ و نوێنەری حکومەتیش لێره بێ ئەو ڕوونکردنەوەیه بدات، له سەر چ ئەساسێك؟ ئەوان ئەو هەمووارکردنەوەو ئەو وەزیرەیان دەوێ، سەبارەت بەوەی که ئەو وەزیره چ ئەرکێك دەگرێته ئەستۆ؟ ئێمه پێمان وایه حکومەتی کوردستان دەبێ له سەر بنەمای حکومەتی هاووڵاتی بێ، و دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو هاووڵاتیەك له کوردستان، هەر پێکهاتەکی بڕەخسێنێ، ئەمه به مانای ئەوه نیه ئەگەر نوێنەرێکی پێکهاتەیەك له حکومەت بوو کەواته ئێتر حکومەت توانیتی قەرەبووی کێشەکانی ئەو پێکهاتەیه بکاتەوه، لێره حکومەت له هەر کەسانێك پێك بێ، که حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتی

هاووڵاتیە، خزمەت کردنی پێکهاتەیەك کە شایستەی خزمەتکردنن بە پرۆژە، دەبێ بە قوەتکردنی ژێرخان بێ، بە جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت دەبێ، نەك بە شتی دیکوری، بەوەی کەوا ئێمە نوێنەرێك زیاد دەکەین، کەواتە ئیتر ئێمە کێشەی ئێزیدیەکان یان کاکەییەکان یان شەبەکەکان هەر پێك هاتەیەك یان مەسیحی یان کورد، یەك لامان کردەوە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوە داین حکومەت هۆکارەکە ڕوونکاتەوە و نوێنەری حکومەت لێرە بێ، و ئەو کاتە گفتوگۆ لە سەر ئەوە بکرێ کە ئێمە پێمان وایە ئەو بار قورسیەی کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی لە پێکهاتەی دەستەکان کە بە پلەی وەزیر و ئەگەر بەڕێزیشتان ئاگادار بن ئەگەر یاسایەك بەو پڕۆژانەی کە حکومەت ناردوویەتی یاسای نەوت و گاز جێبەجێ بکەین، شەش، حەوت، وەزیری دیکە زیاد دەکەین ئێمە لە ئایندەیەکی نزیکدا، لەبەر ئەوە پێمان وایە پێویستە حکومەتێکی کرداری بێ، و زیاتر بەرنامە و پرۆژەکانی جێبەجێ بکات، نەك پۆست زیاد بکات، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو امینە خان.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای پشتگیری کردنا بۆچوونێت بەڕێز د. عمر نورەدینی، هەمان ئاخافتن من هەبوون، لێتان تەئکید سەر هەندێ کەمەڤە کو هەردەم سیاسەتە حکومەتە هەرێما کوردستانێ د گەل هەندێ بویە، کو ئەو وەزیرێ تێنە دانان، وەزیری هەرێمێ سەر ئەساسێ ژێیاتی و هاووڵاتی بوونێیە هاتینە دانان، هەمی کابینە حکومەتێ هەرێمێ مە دیتین وەزیری هەورامی هەبوو، فەیلی هەبوو، ئێزیدی هەبوو، تورکمان هەبوو، مەسیحی هەبوو، یەعنی ئەڤە دیار کەتن حکومەتە هەرێمێ سیاسەتەکە شەفاف بۆ دیار کرنا ژێیاتییە هەر تاخ و هاووڵاتی بوونە یا وەڵاتی کە پشتگیریا ئاخافتنی بەڕێز د. عمر نورەدینی، دکەم، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئاگایان لێیە دوو پرۆژە پێشکەش کرایە، جیاوازی لە نیوان پرۆژەی یەکەم کە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتی خۆمان لە سەر نووسی لە مانگی (6) تەنها ئەوەیە کراوە بوو لەوێ، چەند وەزیرێك لە ئەنجومەنی وەزیران ئیزافە دەکرێ بە ناوی وەزیری هەرێمی کوردستان، وەدیاری نەکراوە وەزیرەکان بۆ چ کارێك؟ واتا دیاری نەکراوە تازە هەندێك ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان بەوە دا کە ئەنئەما لە پرۆژەی یەکەم دیاری کرابوو وەزیرەکان بۆ چ کارێك تەرخان دەکرێن؟ یان چ کارێك پێیان ڕادەسپێردرێ؟ بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، بەڵام ئەگەر تێبینی ئەوەی بکەین پرۆژەکان هیچ ئەو بابەتەی

تێدا نیه، و هیچ باسی چین و توێژەکی کوردستانی تێدا نەکراوە، تەنها ئەوە پڕۆژەکە لە حکومەتدا هاتووە، و حکومەت خۆی پاش ئەوەی کە کابینە تەشکیل کرا دیارە هەستی بەوەی کرد، کەئەننەما ئیحتیاجی هەیە بە وەزیرێك یان دوو وەزیر بۆ هەندێك کار کە پێیان بسپێردرێ، و ئەندامانی پەرلەمان باسی تەرشیق کردن دەکەن فیعلەن تەرشیق کرا، کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشوو (42) وەزیری تێدا بوو، ئێستا کە کەمکرایەوە بوو بە (19) وەزیر، واتا تازە ئەو پڕۆژەیە تەنها پێشنیاری کردووە دوو وەزیری هەرێم ئیزافە بکرێ، بۆ ئەنجومەنی وەزیران، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئەو بابەتە بخرێتە دەنگدان بەتایبەتی پڕۆژەی حکومەتە، حکومەت خۆی دەزانێ ئیحتیاجی بە چییە؟ سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کویستان خان.

**بەڕێز کویستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە وەزارەتەکان (19) یە بەس (28) وەزیر هەیە، یەعنی ئەگەر کاك عونی بپرسێ لە ئەنجومەنی وەزیران بۆی ڕوون دەکەنەوە ئەو وەزیرانەی کە هی چییە؟ (19) وەزارەتە پێشتریش (42) وەزارەت نەبووە، (42) ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران هەبوو بەسەرۆك و جێگرەکەیەوە، ئێستاش (28)ن بەسەرۆك و جێگرەکەیەوە، بێجگە دەستە و دامەزراوەکان و، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەموارکردنی هەشتەم لەبەر دەممانە، ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن بیخوێننەوە، تەنها (19) وەزیرمان هەیە، زیاتر نیە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزام زۆر بوو، تکایە موناقەشەی خۆتان کرد، ڕەئی خۆتان دا، تەواو، برام با لیژنەی قانونی بیخوێنتەوە، نوقتە نیزام درا، هەمووتان قسەتان کرد، کاکە، فەرموو کاك ئارام،

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ ئەندام پەرلەمان پێشنیاری کرد، کە تەنها یەك وەزیر، تەنها ئەویش وەزیری ڕێکخەری کاروباری پەرلەمان بێ، ئەوە پێشنیاری سێ ئەنام پەرلەمان بوو،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پرسیارمان کرد نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران لێرەیە، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانەمان بداتەوە، ئێمە نەمان ویست لیژنەی یاسایی لە جیاتی حکومەت وەڵام بداتەوە، نەمان ویست هیچ کەسێ لە جیاتی حکومەت وەڵاممان بداتەوە، نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران لێرەیە، وەڵامی ئەو پرسیارانەی ئێمە بداتەوە، هۆکاری پێویستی ئەم بۆ دوو وەزارەتەی بۆچییە؟ بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆمان ڕوون کاتەوە، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێشتریش باسم کرد، دەبوایە لە لیژنەی یاسایی کە نوێنەری هەموو لایەکانی تێدایە، ئەگەر ئەو پرسیارانەی کە هەبوون، دەبوو لە لیژنەی یاسایی داوایان بکردایە تەوزیحات لە حکومەت بهاتبایە، ئێستا لیژنەی یاسایی، پێشنیارێك هەیە، دەڵێن یەك وزیر بێ، بزانین چۆن سیاغەی ئەوە دەکەن لە ئەصلی ماددەکەشدا هاتووە، دەبێ دوو وەزیر بێ، ئاخر سێ کەس داوای نەکردووە، یەك کەس، لیژنەی یاسایی چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو مەوزوعە دەکەن،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی سیاغەی بکەین بە ڕەئی من هەر بە شەفەوی پێشنیارەکە بخرێتە دەنگدان، لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان ئایا ئەو پڕۆژە یاسایە ڕەتبکرێتەوە یان نا؟ ئینجا دوایی سیاغەی دەکەین، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ڕەئیەك هەیە کە ئەو پڕۆژە یاسایە ڕەتبکرێتەوە کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەو پڕۆژە یاسایە ڕەتبکرێتەوە دەست بەرزکاتەوە؟ (19) کەس لەگەڵ ڕەتکردنەوەیە، کێ لەگەڵ مانەوەیەتی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (44) کەس لەگەڵ ئەوەدایە بمێنێتەوە، ئینجا فەرموو بۆ ئەوەکەی تر کە یەکیان دەڵێ یەك، ئەوەی تر دەڵێ دوو، ئەویش بخەینە دەنگەوە،

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم، تەنها یەك وزیر دەمینێتەوە لە وەزیری هەرێم بۆ كاروباری لە ئەنجومەنی وەزیراندا، سیاغەكە بەم شێوەیە دەبێ: (يجوز ان يضم مجلس وزراء إقليم كوردستان وزيراً للإقليم) سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ڕەئیەك هەیە، تەنیا یەك وەزیری هەرێم هەبێ، كێ لەگەڵ ئەوەدایە یەك وەزیر هەبێ تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ (4) لەگەڵ ئەوە دایە، ئێستا ڕەئیەكەی تر بخوێنەوە،

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الاولى: تعدل المادة التاسعة من القانون رقم (3)لسنة 1992 المعدل بجعل أصل المادة فقرة (أ) لها وإضافة فقرة بتسلسل (ب) اليها وكالأتي: - ب. يجوز ان يضم مجلس وزراء إقليم كوردستان وزيرين للإقليم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەدایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ ( 41) كەس لەگەڵ دایە، دوو وەزیر بێ، بەو شێوەیەی كە هات پەسەند بكرێ، كێ دژی ئەوەیە كە دوو وەزیر بێ، (19) كەس لەگەڵ دا نیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەی دووەم،

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم لە پڕۆژەكە (على مجلس الوزراء تنفيذ هذا القانون) ئێمە لە لیژنەی یاسایی سیاغەمان وە لێ كردیە،(على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون)، واتا وشەی ئەحكام ئیزافە كرایە لە سەر ماددەكە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە لە سەری؟ كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ سێ كەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: لە پڕۆژەی حكومەت ( ينفذ هذا القانون من تأريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية) ئێمە لە لیژنەی یاسایی سیاغەی ماددەكە بەم شێوەیە كراوە: (ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ إصداره وينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان)، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**